کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
1-10-2007 17:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بازاڕی ئازاد ناوەندی چالاکیە ئابووریەکان بێت یان کەرتی دەوڵەت ... مەهدی کاوانی

ڕاستە ناوەندە چالاکیە ئابووریەکان لە وڵاتانی سەرمایەداری پەرەسەندوو کە بە زۆری ئەوروپاو ئەمەریکاو یابان دەگرێتەوە لە سەر بناغەی بازاڕی ئازادەو لەو نێوەندەدا لە لایەکەوە بازاڕی ئازاد ئەو ڕەوشەی وەرگرتووە کە هیچ تەگەرەیەکی دەولەت لە بەردەمیا نابینرێ و بەشی شێریش لە چالاکیە ئابووریەکان بەر کەرتی تایبەت کەوتووە، بەڵام تێکڕای جموجۆڵە ئابووریەکان بە یاسا ڕێکخراوەو لە میانەی دا دەولەتیش باج لە سەر کەل وپەل و کرێ و قازانج دادەنی و لە ڕێگەیەوە هەم چالاکیەکانی دەڵەت ڕادەپەڕێنێ هەم درێژەش ئەدا بە هەندێ دامەزراوەی ئابووری بە تایبەتی ئەو چالاکیە ئابووریانەی کە زۆر گرنگن بۆ سەرجەم چالاکیە ئابووریەکانی وڵات وەک زانست و پەروەردە تەندروستی و بە هەموو مەرحەلەکانی و گەشەپێدانی. بە کورتی چالاکیە ئابووریەکانی کەرتی گشتی لەو وڵاتانە زۆری ئەو چالاکیە وەبەرهەمهێنانە دەگرێتەوە کە نەک هەر قازانجی کەمە، بەلکو لە زۆر بواردا زەرەرمەندیشە. بەڵام بۆ خولی گەشەکردنی سەرمایەداری پێویستە. دەتوانین بڵێین زۆربەی چالاکیەکانی دەوڵەت لە بەرژەوەندی بازاڕی ئازادە.



پاش جەنگی جیهانی دووەم و بە دوایەوە بەشی هەرە زۆری نەتەوەکان لە ئاستی هەموو جیهان سەربەخۆیی سیاسیان وەرگرتوو بە دوایەوە لە ڕێوشوێنی ئەوە دابوون کە چۆنچۆنی بنیاتی ئابووری وڵاتی خۆیان دەنێن و، چ جۆرە ڕێگایەک دەگرنە بەر. دەتوانم بڵێم لەو سەردەمیەوە تا کۆتایی هاتنی بلۆکی ڕۆژهەڵات بە زۆری سێ ڕێگا مەترەح بوو. ئەوانەی لە فەلەکی سۆڤیەت دەخولانەوە بیرۆکەی گەشەکردنی نا سەرمایەداری لە ناویان سەری هەڵدایەوەو ناوەرۆکەکەی لەوە بەرجەستە دەبوو کە دەبێ دەولەت واتە کەرتی گشتی کۆنتڕۆڵی هەموو چالاکیە ئابووریە گەورەکان بکات و، ئەو چالاکیە ئابووریە کەمانەی کە بۆ کەرتی تایبەتیش دەمێنێتەوە لە لایەن دەوڵەتەوە چاو دێرو ئاڕاستە بکرێن واتە لە ڕیگەیەوە دەیان کۆسپ و تەگەرەی گەشە نەکردنیان دەخرایە بەردەمیان. نمونەی ئەو جۆرە وڵاتانە لە ناوچەکەی ئێمە یەمەنی باکوور، لیبیا، عیراق، سەردەمێک میسر. هەروەها وڵاتانی کامپی ڕۆژهەڵات و چین و ڤێتنام و.... بە تەواوتی ئەو ڕێگا گەشەکردنە ئابووریەیان گرتبوە بەر.

وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و تورکیاو ئێرانی سەردەمی شا و.... ڕێوشوێنی بازاڕی ئازاد واتە ڕێگەی گەشەکردنی سەرمایەداریان گرتبووە بەر. گروپی سێیەمیش وەکو هیندو پاکستان و وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی و زۆری تریش ڕێگای مام ناوەندیان واتە هەم گرنگی دان بە کەرتی دەوڵەت هەم گرنگی دان بە کەرتی تایبەتی لە ڕیگەیانەوە ڕێوشوێنی چالاکیە ئابووریەکانی خۆیان ڕادەپەڕاند.

لێرەدا پێویستە پەیوەستەیەک لە سەر ئەو ماوە مێژووییەی گەشەکردنی ئابووری ئەو وڵاتانە هی هەرسێ گروپیان بوەستین تاوەکە بزانین گەشەکردنی ئابووریان لەو ماوە مێژوویەدا گەیشتۆتە کوێوە.

جارەک بە نسبەت کامپی ڕۆژهەڵات جگە لەوەی هەڵوەشانەوە، بە دوای خۆشیان ئابووریەکی لاوازیان بەجێ هێشت و زۆریان تا وەکو ئێستاش کە پاش هەڵوەشانەوەیان گرتنە بەری بازاڕی ئازادیان هەڵبژاردووە، بەڵام باری ئابووری ئێستایان هەتا لە سەردەمی پێشووش خراپترەو هەندێ لەو وڵاتانە دەیانەوێ لە ڕێگای چوونیان یان قبولکردنیان لە ناو یەکیەتی ئەورووپاو دراوی ئەورووپی، باری ئابوریان باش ببێت. بە نسبەت ئەو وڵاتانەی ناوچەی ئێمەش کە تا ڕادەیەک بە فەلەکی ئابووری ئەوان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەستراوبوونەوە. عیراق ئەوە دەزانین وێڕای ئەوەی دەوڵەتێکی نەوتیش بوو چی بە سەر هات. لیبیا هەم دیسان دەوڵەتی نەوتیشەو کەچی لە پێشکەوتنی ئابووریش تا وەکو ئێستا هیچی بە هیچ نەکردووە.. یەمەنی باشووریش هەر لە زووەوە لە ناو بازنەکە دەرچوو و لە گەڵ یەمەنی باکوور یەکی گرت. میسریش لە پاش جەمال عەبدولناسر لە خەتی ڕۆژهەلات هاتە دەرێ و بە دوایەوە بە زۆری بە ئاراستەی ئابووری ڕۆژئاوا دەرۆیشت و تاوەکو ئێستا ڕۆژبەدوای ڕۆژ لە ناو قەیرانی ئابووری و قەرزو قەرزاری و تەنگ و چەلەمەی سەختی ژیان دەناڵێنێ.

با بێینە سەر ئەو وڵاتانەی کە تەبەنی ئابووری ڕۆژئاوایان دەکرد

بە نسبەت ئێران و تورکیا ڕاستە ئەگەر بەراوردیان بکەین لە گەڵ باقی وڵاتانی تری ناوچەکە، بنکەی ئابووری ئەو دوو وڵاتە ئێستاشی لە گەڵ دابێ ئیسرائل و جنوب ئەفریقای لێ دەرچی لە ئەمەکانی تر لە زۆر ڕووەوە بەهێز ترن. بەڵام ئەو بەهێزیە بنکە ئابووریەیان نەبووە مایەی جێگیربوونی سیاسی و دیموکراتی لە وڵاتیان. ئەوە بۆ وابوو. لێدوان و ئارای جیا لە سەری زۆرە، بەڵام بە قەناعەتی خۆم زۆری لە بەر ئەوە وابوو کە ئەوان نەیان توانی لە ڕێگای ئەو گەشە کردنە ئابووریەی ئازادیان بە سەر گیرو گرفتی بێکاری و کەم دەرامەتی بەشێکی هەرە فراوانی وڵاتی خۆیان زاڵبن و لە ڕێگەیەوە سوپایەکی بەهێزی بێکاریان لەو دوو وڵاتە پێک هێناو کرانە ئەداتێکی زۆر هەرزان و ئاسان بۆ ڕیکخراوە ئاینیەکان کە بۆ قازانجی خۆیان بەکاریان بهێنن. ئێرانی شامان بینی کە لە زووەکەوە ڕووخاو دینیەکان شوێنیان گرتنەوە. دینیەکانی تورکیاش نیوەی دەسەڵاتیان لە بن دەستی عیلمانیەت و ئەتاتوورک دەرهێناوەو زۆریشی نەماوە وەک جمهوری ئیسلامی لێ بکەن. ڕەنگە وڵاتانی کەنداو لە بابەت سعودیەو ئیمارات و ئەبوزەبی و کوێت و ئەوانی تر باری ئابووریان و گوزەرانی خەلکیان لە ئەوانی تر باشتر بێت ئەویش هەمووی لە بەر ئەوەیە کە نەوت و ئەو نرخە بەرزەی بە سەریان دەبارێ و ژمارەی دانیشتوانیشیان لە چاو ئەو داهاتە زۆرەی نەوت کەمە کەچی لە گەڵ ئەوەشەوە تا وەکو ئێستا نەبوونەتە ئەو وڵاتە وەک بڵێین بنکەیەکی ئابووری بە هێزیان هەیە بە تایبەتی لە بواری پیشەسازی گەورە. سبەی نەفتیان لێ ببڕێ ڕیسەکەیان دووبارە لێ دەبێتەوە خوری و باریان بەرەو خراپی دەڕوا. ئەوە وێڕای ئەوەی بچووک ترین دیاردەی دیموکراتی بە تایبەتی لە سەر مافی ژنان و هێنانە پێشەوەیان لە بواری بەرهەمهێنان تا وەکو ئێستا بەرقەراریان نەکردووە.

بەڵام گروپی سێیەم واتە ئەو وڵاتانەی کە ڕێگای مامناوەندیان لە گەشەکردنی ئابوورەی خۆیان گرتە دەست، یانی هەم بازاڕی ئازادو گەشەکردنی کەرتی تایبەتیان پشت گوێ نەخست، هەم کەرتی گشتیشیان بە بەهێزی هێشتەوە. بە نسبەت وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، ڕاستە تەنگوچەلەمەی ئابووریان ئێستاکە هەیە، بەڵام بنکەی ئابووریان زۆر لە وڵاتانی ناوچەی ئێمە بە تورکیاو ئێرانیشەو بە هێزترە. ئەوان ئێستاکە تا ڕادەیەکی زۆر بە تایبەتی لە کەرتی پیشەسازی گەورە بەهێزن و سیستەمی سیاسیش لەو وڵاتانە لە ئەمانەی لای خۆمان و زۆر شوێنی تری جیهانیش دیموکراتی ترن. بەشی هەرە زۆریان لەناویاندا تەعەددوی سیاسی و ژیانی پەرلەمانتاریزم و هەلبژاردنی ئازادانە بەر قەرارە. بە نسبەت هیندیش ئەگەر لە جیاتی سیاسەتی ئابووری سەرکەوتوانەیان کە ئەوە ماوەی زیاتر لە نیو سەدەیە بەڕێوەی دەبەن پێچەوانەکەی بوایە، ئەوا بەو هەموو دانیشتوانە زۆرەیان کە خۆی لە نزیکی 800ملیۆن کەس دەدا ئەوا هەر تووشی کارەسات دەبوون. سیستەمی سیاسیشیان ئەوا زیاتر لە نیو سەدەیە بە جێگیری دەڕوا، واتە سیستەمی پەرلەمان و دیموکراتی و تەنویعی سیاسیان تا زۆر ڕادە بێ گیرو گرفتەو ئابووریش لەو وڵاتە بە تایبەتی لە کەرتی پیشەسازی گەورە سەرکەوتنی باشی بە دەست هێناوە. چینیش وا خەریکە لاسایی ئەوان دەکاتەوە، واتە ڕێگای مام ناوەندی گەشە کردنی ئابووری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەڵدەبژێرێ بەتایبەتی پاش نەمانی بلۆكی ڕۆژهەڵات دەبینین لە ڕۆژگارێكی وەك ئەمڕۆمان چەند پێشكەتوون و كەلوپەلی چین خەریكە غەزوی جیهان دەكات بە هی وڵاتە سەرمایەدارە پێشكەوتوەكانیشەوە. ڕووسیای سەردەمی یەكقوتبیشمان بە تایبەتی لە سەردەمی یەلسن بینی كە ویستیان بە تەواوەتی تەبەنی بازاڕی ئازاد بكەن بە دوایەوە هەژاری و بێكاری و فەسادی ئیداری و خراپ بەكارهێنانی دەسەڵات و دزی و دەیان باری گرانی قەرزاریان و زۆر دیاردەی ناڵەبارت تر یەخەی هەموو ڕووسیای گرتەوە. باش نیە لە سەردەمی دەسەڵاتی پۆتین وەخۆ كەوتنەوەو ڕادەیان بۆ بازاڕی ئازاد داناو خەریكە لاسای چینیەكان دەكەنەوە لە ڕێگەیەوە باریان ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو باشتر دەڕوا.
بە نسبەت كوردستان و حكومەتی هەرێم كە زۆر بە ئاشكەرا بانگێشەی بازاڕی ئازاد دەكەن و دەیانەوێت بیكەنە سەنتەری چالاكیە ئابووریەكانیان و بە تەمای ئەوشن كە یاسایەكی تایبەتی بۆی دەركەن و پێشدەچێ ئەویاسایە لەوە بەرجەستە ببێت كە حكومەتی هەرێم دەبێ ئازادی تەواوی كاركردن بداتە كەرتی گشتی و هیچ كۆسپ و تەگەرەیەكیش نەك هەر نەخاتە بەردەمیان بەلكو دەبێ كۆمەك و ئاسان كاریشیان بۆ بكرێت.
ئەوەی ڕاستیش بێت بەشی هەرە زۆری ئەو چالاكیە ئابووریانەی كە حكومەتی هەرێم دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن ئەنجامی داوە لە ئەلفەوە تا یای فۆتۆكۆپی چالاكیە ئابووریەكانی وڵاتانی كەنداوەكە ناوەرۆكەكەی لەوە بەرجەستە دەبێت كە پشتگیری كەرتی هێنانە ناوەوەی كەلوپەل و خزمەتگوزاریە بیانیەكان دەكەن چونكە ئەو كەرتە جگە لەوەی خولی وەبەرهەمهێنانی كەم ماویە، قازانجیشی بۆ پارە دارەكان زۆرترە. فعلەن ئێستاكە لە كوردستان بەرهەمی كۆمەڵایەتی نیشتمانی لە چاو هێنانە ناوی بەرهەم زۆر كەم بۆتەوەو لە ناویدا جەزرەبەیەكی زۆر گەورە بە كەرتی كشت وكاڵ وئاژەڵداری كەوتوە لە ڕیگەوەوە خەریكە ئابووری كوردستان بە فەلەكی ئابووری وڵاتانی دەوروبەر ببەسترێتەوەو ڕۆژ بەڕۆژ نرخی كەلوپەل وخزمەتگوزاریەكان گرانتر ببێت و بەتاڵەی موقەنەعەش سەرتاپای وڵات بگرێتەوە.
بە كورتیەكەی ڕاستە چالاكی ئابووری لە كوردستان لە پاش ڕووخانی سەدام پێشقەچوونی باشی بە خۆو بینیوە بەڵام ئەو پێشقەچوونە نەبۆتە مایەی چارەسەركردنی خەلك و خۆشگەزەرانیان و كەم بوونەوەی بێكاری بەلكو لە ڕێگایەوە توێژی دەسەلات تیایا دەوڵەمەند بووە.
بۆ ئێرانێك و توركیایەك كە ڕۆژئاوا بە هەموو شێویەكەوە لە ویستی ئەوە دابووەو ڕێوشوێنی وەهاشی دادەنایەوە كە پارێزگاری لە مانەوەی سیستەمی دەسەڵاتیان بكات، كەچی گەڕانەوەی ئایین زیاتر كاری خۆی كرد. هەڵبەتە زۆری لە بەر گرتنەبەری نارێكی سیستەمی بەرهەمهێنان و كە بە دوایەوە هەم سوپای بێكاریان بۆ هێزە كۆنەكان دروست كرد هەم نەیان توانی ژیانی دیموكراتی لە ناو خەلك بەرقەرار بكەن. جا كوردستانەك لە سفرەوە لە ڕیگای داهاتی نەوتی ئێستای كە زامنیش نیە بۆ دوا ڕۆژ ئەگەر ئەو گەشەكردنەی نەبێتە هۆی چارەسەركردنی بێكاری و كەم دەرامەتی خەلك ئەوا لە ڕیگایەوە جگە لەوەی كە ئەو سوپا بێكاریە دەكەونە بن دەستی ڕێكخراوە ئایینیەكان و دەیان مەترسیان لە پاشەكشەی كێشەی نەتەوایەتی و دیموكراتی بۆ دروست دەكەن وڵاتانی دەوروبەر بە عیراقی عەرەبیشەوە بۆیان لە تەماس دان بۆ هەر پاڵپشتی كردنێكی ئەو هێزانەی كە گیروگرفت بۆ دەسەڵاتی سیاسی كوردی ئێستا دەنێنەوە.
حەق وانیە ئێمە لاسایی چالاكیە ئابووریەكانی كەنداو بكەینەوە كە لە ماوەی نزیك نیوسەدەو ئەكتیڤ كردنی نەبوونەتە خاوەن بنكەیەكی ئابووری كە جێگای داهاتی نەوتیان بگرێتەوە. ئێمە ئەگەر لاسایی
ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هیند، وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی بکەینەوە لە گرتنە بەری چالاکی ئابووری واتە بەهێز کردنی کەرتی دەوڵەت لە بواری کشت وکاڵ وبە هێزکردنی ژێرخانی و ئالیەتێک لە کوردستان بهێنینە پێشەوە لە ڕێگای دامەزراوەی ئابووری جۆراو جۆر لە سەر کەرتی کشت وکاڵ بە ماوەیەکی کەم دەبینە خاوەنی دامەزراوەی بەرهەمهێنانی گەورە لە کوردستان و نەک پێداویستیمان لە کەلو پەل و خزمەتگوزاریەکان پڕ دەکاتەوە بەلکو ئامادەی ناردنە دەرەوەش دەبێ.

بەهێز کردنی کەرتی دەوڵەت وبەکارهێنانی بەشی هەرە زۆری داهاتی نەوت لەو کەرتەوە مانای پشتگوێ خستنی بازاڕی ئازادو کەرتی تایبەتی وکەرتی بێگانە ناگەیەنێ. ئیمڕۆ خاوەن سەرمایەدارەکان لە هەموو شوێنێکی جیهان خواخوای ئەوەیانە کە شوێنێکی ئاسایش پارێزراو هەبێ تاوەکو ڕووی تێ بکەن و سەرمایەکانی خۆیان وەبەرهەم بهێنن. ئەوەنیە چین چونکە هەستانەوەی ئابووری تیایە لە هەموو سوچێکی جیهان ڕووی تێ دەکەن و لە ڕێگەیەوە بە قەبزە پێش دەکەون. ئێمە ئەگەر پارەی نەوتی خۆمان گرت و بۆ پتەو کردنی ژێرخانی ئابووری کوردستانمان بەکارهێنا ئەوا کەرتی تایبەتی و بێگانەش مادامەکینێ بە یاسا لەو وڵاتە کار دەکەن و سەربەستی تەواوی کار کردنیان هەیە، پێش دەکەون. هەق وایە بۆ لەمەودوا سیاسەتی دەوڵەت بۆ کەرتی بێگانە تەنیا لە بواری نەوت و هێنانە ناوەوەی کەلوپەلی دروست کراو نەبێ بەلکو زیاتر لەو بوارانە بێت کە پیشەسازی لە کوردستان بە پیشەسازیە مام ناوەندو گەورەکانیشەوە پێ پێش بکەوێ. ئێمەی کورد ئەگەر سیسەتەمێکی ڕاست و دروستی ئابووری بگرینە بەر واتە لاسایی هیندیەکان و ئێستای چین بکەینەوە بە حوکمی ئەوەی کە خاون نەوتین بە هۆیەوە لە ئابووری ئەو وڵاتانەمان نزیک دەکاتەوە نەک وەک ئابووری دەوڵەتەکانی کەنداو کە لە 90%ی ئابووریان پشت بە هێنانی کەلەپەل وخزمەتگوزاریە بیانیەکان دەبەستن.

2007/06 /06 /بەریتانیا/

Email; mahdikawani@yahoo. co. uk

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.